# لێکۆڵینەوەی نوکتە
# لە ڕوانگەی
# زمانەوانییەوە

**پ.ی.د. یوسف شەریف سەعید**

پێشەکی:

تا ئێستا لای خۆمان کارێکی سەربەخۆ دەر بارەی نوکتە نەکراوە. لە روانگەی زمانەوانییەوە دەقی نوکتە وەکو هەموو دەقێکی تر کە پەیوەندی راستەو خۆی لەگەل قسە لەگەل کراودا هەیە. لەم باسەدا هەول دراوە ئەو پەیوەندییەو پێکهێنەرەکانی لە زماندا دەستنیشان بکرێت وتیۆریە باوەکانی نوکتە لەم روانگەیەوە بخرێتە بەر چاو وەلامی ئەم پرسیارانەش بداتەوە کە خوێنەر چۆن دەقی نوکتە دار دەبینێت وزما نەوانی کەی بایەخی بە لێکۆلینەوەی داوەو رابەرەکانی لەم بوارەدا کێن ولەچەند ئاستدا لێکۆلینەوی لەسەر دەکرێت .

بنەماکانی رۆنانی نوکتە:

دەقی نوکتە لەچەند بەشێك کە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەل قسە لەگەل کراودا هەیە پێك دێت لەوانە:

١-قسەکەر واتە نێرەر ٢- قسە لەگەل کراو واتە بیستەر ٣- پەیام یان نامە ٤- زەمینە.کە پێکهاتووە لەکات و شوێنی نوکتە ، واتە بەشێکی بنجی توخمەکانی نوکتە نییە. ٥-سێوەی ناردنی پەیام . واتە نێرەر پەیامەکە بە چ شێوەیەك وچۆن دەیگەینێنە بیستەر ،یان گوێگر واتە ئایا بە شێوەی نووسراو یان بەشێوەی زارەکی بە هەر شێوەیەك بێت پێویستە بزانین رۆنانی نوکتەکە چۆنە .

## رۆنانی نوکتە:

هەموو نوکتەیەك بە لایەنی کەمەوە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم زانیاری (یان پێشەکی) کە پێی دەگوترێت( build up ) لەم بەشەدا قسەکەری نوکتە یان نوکتە بێژ بە زەمینەیەکی لەبار توخمەکانی نوکتەی خۆی پێناسە دەکات،چوار چێوەو کەشێکی لەبار بۆ هێنان و ئامادە کردنی رستەی بنجی نوکتەکە ئامادە دەکات.ئەم بەشە بەندە بە زەمینەو بارو کەشی نوکتەکە کە لەوانەیە لە چەند رستەیەك پێکهاتبێت، لەوانەشە لە تاقە رستەیەکی کورت دروست بووبێت و پێویستی بە هیچ جۆرە روونکردنەوەیەك نەبێت وەك :

قوتابی یەکەم :دەزانیبۆچی مامۆستا دوێنێ ئەوەندە لە تەختەی دەدا؟ ( زانیاری)

قوتابی دووەم : دەیویست ئێمە بە چاو نەچین . ( مەبەستی نوکتە )

بەشی دووەم ( مەبەستی نوکتە ) بەشی دووەمی هەموو نتوکتەیەك مەبەستەکەیە (punch line ) ئەم بەشە بە گشتی رستەیەکی کورتە کە بە جۆرێ لەگەل بەشی یەکەمدا پێچەوانەیە کە رۆژانە بە شێوەیەکی لۆجیکی لێك دەدرێن . ئەم لێکدانە لۆجیکییە شێوەی جۆراوجۆر بە خۆوە دەگرێت.کە لەبەشەکانی تر دادیینە سەریان و باسیان دەکەین. بۆ نموونە ئەگەر سەیری نوکتەکەی پێشوو بکەین بۆمان روون وئاشکرا دەبێتەوە کە مەبەستی قوتابی یەکەم لە لێدانی تەختەکە لە لایەن مامۆستاوە بۆ بێدەنگ کردنی قوتابییەکان بووە . کەچی وەلامی قوتابی دووەم کە مەبەستی نوکتەکەیە ( واتە رستە کورتەکەیە ) کە ئەوەش داواکراوە .ئەمەشە دەبێتە مایەی بزەو پێکەنین کە واتای لێدانی تەختە تێکەلاو دەبێت لە نێوان دوو وەلامی زمانی ( وەلامی ئاسایی ، وەلامی خوازە

) ئەمش دەبێتە هۆی سەرهەلدان و دروست بوونی نوکتە .

## بەشدار بووانی نوکتە :

لەهەموو نوکتەیەکدا ئاسایی ئەوکەسانەی ئامادەن –قسەکەر یان نووسەری نوکتە ،گوێگر یان گوێگران (راستەقینە یان گریمان )کە ئامادەن لەو شوێنە و گوێیان لەنوکتەکەیە. ئاشکراشە کە لە نوکتەی نووسراودا بیستەران بوونیان نییە.قسە لەگەل کراوی راستەقینە، یان بیستەران بە شێوەیەك کە لە مەبەستی نوکتەکە تێدەگەن ،بەلایانەوە خۆش و سەرنج راکێشەو کاردانەوەی نوکتەکە بە پێکەنینیان دەهێنێت، یان لەقاقای پێکەنین دەدەن و خۆشحالیان پێوە بەدی دەکرێت. لە خودی نوکتەکەشدا هەندێ کەس ئامادەن.لەوانەی کەبەشداری نوکتەکەیان کردووە بۆ نموونە لە نوکتەکەی سەرەوەدا قوتابی یەکەم ودووەم کەسانی نوکتەکە بوون.سەرەرای ئەمەش هەموو نوکتەیەك پێویستی بە نوکتە بێژێك ( راوی) یەك هەیە.ئەم نوکتە بێژەش لەگەل قسەکەر یان نووسەری نوکتەکە یەکن . لە نوکتەی دوو قوتابییەکە قسەکەرو نووسەری نوکتەکە یەکە.لە هەندێك دەقی داشۆرین دا تاکێك یان کەسێك یا کۆمەلەیەك بە کەسێکی تر یان بەکۆمەلەیەکی تر رادەبوێرێت، یاخود هێرشی دەباتە سەر. لەم جۆرە دەقانەدا،چ تاکە کەسی چ کۆمەلی هێرش بەر بەرامبەر بەو کەسەی یان بەو کۆمەلەیەی کە مەبەستییەتی دەوەستێت. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی کەسی هێرش بەر لە پلەیەکی بالا دەوەستێت.

## ناونیشانی نوکتە:

هەرچەندە نوکتە دەقێکی کورتە کە ناونیشانی نییە،بەگشتی لەشێوەی زارەکی دەردەکەوێت بەلام زۆربەی نوکتە نووسراوەکان ناونیشانیان هەیە. راستە کە لە نوکتەی نووسراودا ناونیشانەکە هەندێ ئالۆزە وەکو نوکتەئامێزی دەقی داستانی یان شیعر نییە، بەلام هەرچۆنێك بێت بایەخی تایبەتیو شایستەی خۆی هەیە. لەم بارەوە گرایس (grice)ی زمانەوانی هاوچەرخ لەو باوەرە دایە کە ناونیشان دەبێ ئاشکراو راست وکورت وروون وگوزارش دەر بێت و بتوانێت هەستی فزولی خوێنەر بوروژێنێ. (گرایس:٤١)

لەراستیدا دەبێ بۆ ئەوەبچین کە ناونیشانی نوکتە مارکەو عەلامەت نییە،کە زۆر کورت وسادە بێت و نوکتەیەك لە نوکتەیەکیتر جیا بکاتەوە، بەلکو ناونیشان دەتوانێ زانیاری ( هەرچەندە کەمیش بێت )دەربارەینوکتە بخاتە بەر دەم خوێنەر .لێرەدا ناونیشان وەکوهەموو دەقێکی تر کەخاوەن ناونیشان بێت،سەرە داوێکە کە بە خوێنەر دەلێت دەبێدەقەکە بە چ رێرەوێك یان شێوازێك بخوێنێتەوە. لە راستیدا ناونیشان چاوەروانییێك لەلای خوێنەر دروست دەکات و دەیجولێنێت، خوێنەر دەقەکە لە رووانگەی هەمان چاوەروانییەوە دەخوێنێتەوە. ئاشکرایە کە ناونیشانی هۆنراوەیەکی گۆرانی لەگەل ناونیشانی نوکتەیەك تەواوجیاوازە.

## تیۆرییە باوەکانی نوکتە:

بەشێوەیەکی گشتی تیۆرییە باوەکانی نوکتە لە سێ دەستەی سەرەکی دا بەر چاو

دەکەوێت .

١- تیۆری تێگەیشتن ، یان هەست پێ کردنcognitive

٢- تیۆری ڕەوانشناسی –دەروون ناسی

٣- تیۆری هێما ناسی

تیۆری تێگەیشتن، یان هەست پێکردن: بریتییە لە هەست کردنی ڕێگاکانی هزری دەروونی کە دەبێتە مایەی پێخۆشحاڵی مرۆڤێك لە هەست پێکردنی دەقێکی نوکتە ئامێز.

تیۆرییەکانی ڕەوانشناسی دەروونی توێژینەوە لە کاریگەرییەك دەکات کە دەقێکی تێکەڵاو بە نووکتە لە رووی دەروونی وکارگەری بە سەر تاقە کەسێك دا دەیکات.

دیسانەوە تیۆری هێما ناسی زیاتر بەو وتەیەوە بەندە کە میکانزمی دژ کە بنچینەی نوکتەی لە سەر دەوەستێت چۆن لە دەقێك دا چلورە دەبەستێت (تبلور ). تایبەتمەندی هێما ناسی زمانیچییە؟

بە واتاییێکی تر دەتوانین بڵێین لە نێوان ئەم سێ دەستەیە تیۆرییەکانی دەروونناسی زیاتر نوکتەکانیان کاریگەرییان لەسەرخوێنەر هەیە.لە کاتێکدا کە زۆربەی بۆچونی تیۆرییەکانی تێگەیشتن وهەست پێکردن بەوەوە بەندەی کە خوێنەر دەقە گاڵتە ئامێزەکە یان نوکتەکە چۆن دەخوێنێتەوە.

لێرەیدا دەمەوێ تیشك بخەمە سەر ئەم دوو تەوەرەیە کە یەکەمیان:

کاریگەری دەق لەسەر خوێنەر و دووەمیانچۆن خوێنەر دەقێك گاڵتە ئامێزی دەبینێت.

کاریگەری دەق لەسەر خوێنەر

تیۆری وورووژان و ڕازی کردن ، یان جوڵێنەرو ڕازی بوون(arousal- relief)

بەپێی ئەم تیۆرییە نوکتەساز کارێکە کە بە یارمەتی ئەو دەتوانرێ گرێی شاراوە ، یان سەرکوت کراو دووبارە هوشیار بکاتەوە و بە ئاگا بهێنێت. ئەو هێزەی هزری قسە لەگەڵکراو واتە ئەو کەسەی کە نوکتەی بۆ کراوە بە سەربەستی دەگاتە ئارامییەك و ڕازی دەبێت. ئەمەش دەست پێشخەرییەکەی بۆ (سیجموند فروید) دەگەڕێتەوە . فرۆید گەڵێ لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەل دەربارەی پەیوەندی نێوان دەروونناسی و نوکتە ئەنجام داوە ، کە کارەکانیفرۆید ئەمرۆ لە پاشماوەکانی کلاسیکی لێکۆڵینەوە دەروونیەکان دادەنرێت.

فرۆید لە کتێبەکەیدا ( نوکتەو پەیوەندی بە ئاگابوون jokes and their realation to the unconsciosness 1905) تیۆرییەکی دەربارەی نوکتە داناوە کە پوختەکەی بەم شێوەیە :

نوکتە جۆرێکە لە کردەی بەرگریئامێزی نائاگای هزر. کاریگەری دەروونی نوکتە لەم رووەوەگرنگی دەبێت کە دەتوانێت هێزی دەروونی سەر کوت کراویهزر دووبارە ئازاد بکات و وەکو دیارییەك بێت بۆ ڕازی کردنی دەروونی هزر. دیسانەوە لەو باوەرە دایە کە خۆ (انا ego ) ئەو شتانەی کەلە شێوەی قەدەغە کراو و تابۆ تییایدا سەر کوت کراوە بە شێوەیەکی کراوە و عامییانە کردنیان لە نوکتە یان شیوەکانی تری گاڵتە دووبارە ئازاد دەبن و باری دەروونی لەشیش

به شێوەیەکی کاتی ئارام دەبێت. نوکتەکانی سێکس، رامیاری، مان و مردن ، کێشە کۆمەلایەتییەکان و قەیرانی رامیاری بەباشی دەکرێ لە سەر تیۆرییەکەی فرۆید شیتال بکرێت .بەلام ئەو نوکتانەی کە یاری زمانییان لەگەل دا دەکرێت وەك ( وەك یەك-جناس- نوکتەی بێ واتا ) لەم شێوەیەدا ئەرکێکی سەرەکییان دەبێت و کەمتر دەکەونە بەر تیۆرییەکانی فرۆیدەوە .

بەبۆچوونی فرۆید نوکتە بە دوو شێوە دەتوانێ هێزی دەروونی سەرکوت کراو ئازاد بکات:

١- چر کردنCONDENSATION ی دوو پەیامی دژ یەك لە پەیامێك دا ( واتە تێکچڕژانی پێشەکی نوکتە لەگەل ناوەرۆك و مەبەست )

٢- سەرپێچیکردن لە یاساکانی زمان ( بۆ نموونە گۆرانی دەنگی ،سیمادان بە هەندێ شت و جانەوەر و....تد )

## • تیۆری دەسەلاتداری ( superiority)

بەپێی ئەم تیۆرییە ئێمە کاتێ بە نوکتەیەك پێدەکەنین یان دەوروبەرمان دێنە خەندە کە بتوانین بێ ئاگاداری خۆمان بە سەر کەسێك یان لایەنێك، یان دەسەلات دارێك سەر کەوین و زال بین . لە راستیدا ئێمە بە نوکتە لە سەر کەسێك ،یان کۆمەلەیەك کە لێیان بێزار بین روو رەش و ریسوایان دەکەین. هەر کاتێئەو کەسانە یان کۆمەلانە کە هێرشی زیاتریان بۆ دەبرێت تام و چێژی نوکتەکە زیاتر دەبێت .جوانە بزانین کە جیهانی نوکتە جیهانێکی هەلگەراوە. لێرەدا ئێمە بە شێوەیەکی کاتی شوێن وپلەی دەسەلاتدارو بێدەسەلات دەگۆرینەوە .

٢- چۆن خوێنەر دەقی نوکتەدار دەبینێت .

بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە لە رەوشی داهێنەرانەو توانایی ناسینەوەی خوێنەر بۆ دەستنیشان کردنی نوکتە بکۆلینەوە. بە واتایەکی تر لە دید و بۆچونی خوێنەر ( بیستەر ) کام دەق نوکتەیە؟

لێرەدا هەولی ئەوە دەدەین پوختەی ئەو تیۆرییانە بخەینە بەر دەست کە وەلامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.

## • تیۆری واتایی راسکین:-

ڤکتۆر راسکین یەکێکە لەوزمانەوانانەی کەیدەربارەی نوکتە چەندین لێکۆلینەوەی ئەنجام داوە.،یەکێ لە وانە کتێبێکی سەر بەخۆیە دەربارەی واتا سازی و نوکتە بەناوی semantic mechainism of humor راسکین زۆرتر لە روانگەی واتا سازییەوە بۆ دەقی نوکتە ئامیز چووە .بە بۆچونی ئەو قسە لەگەل کراو کاتێ واتای راستەقینەی دەقێك تێدەگات کەیەکەم جار بزانێکە یەکێك دەیەوێ نوکتەیەك پێناس بکات (کەدەقێك لە هەمان رێرەو دا ئاراستە بکا ت و سەر نجی بیستەر رابکێشیت ) دووەم جار ئەوەیە کە لە نێوان بەشەکانی نوکتە پێچەوانەیەك ببینێت. بە بۆچونی راسکین قسە لەگەل کراو ، نوکتە لەسەر بنەمای زانیاری پیشینەیی خۆی کە لە تەواوی

دیاردەکانی زانیاری قالبێکی لە هزر دا هەیە. لە نوکتەدا ئەوقالبە تا رادەیەك پێچەوانەو بەرەو دژ یەك و رێك نەکەوتن دەروات. بە واتایەکی تر قسە لەگەڵ کراو سەرەتا چاوەروانی شتێکی ترە، بەلام چاوە روانییەکەی جێبەجێ نابێت و شتێکی تر دەردەچێت.بەلام نوکتە بێژ کارو لۆجیکی خۆی هەیەولە کرۆکی مەبەستەکەیدا ئەم دژ یەك و رێك نەکەوتنەی بە شێوەیەك چارە سەر کردووە . ئاشکرایە کە ئەو لەناوبردنەی رێك نەکەوتنە خۆی لەگەڵ لۆجیکی رۆژانە ناگونجێت و دەبێتە مایەی پێکەنین.( لە راستیدا رووبەرووبوونەوە لەگەڵ دژ یەك وپێچەوانە خۆی دەبێتە مایەی روداوی خەندەیی ).وەك پێچەوانەی گێلی و عاقلی ، زیرەك و تەمبەلی ...تد . بۆنموونە با سەیری ئەم نوکتەیە بکەین :

(( ئەگەر بلێی چۆن دەنوانی پێنج فیل لە ئۆتۆمۆبێلێکی وەك فۆکس فاگۆن دابنێیت؟

زۆر ئاسانە دوو لە پێشەوە سێ لە دوواوە . ))

ئاشکرایە کەسوار کردنی فیل لە فۆکس واگۆن دا کارێکی ئەستەمە و ناکرێت و هەرگیز رێك ناکەوێت و پێچەوانەی جیهانی راستەقینەیە . بەلام دەقەکە لە وەلام دا کرۆکی داواکارییەکەیە، واتە شاراوەکە بەم شێوەیە چارە سەر دەکات: دوو لە پێشەوە سێ لە دوواوە . بەلام ئەم چارە سەرە خۆیکارێکی نابەجێیەو نا پەسەندە وناکرێ، بۆیە ئەمە دەبێتە مایەی خەندە. راسکین لەو باوەرە دایە کە هەرچەندە کرۆکی داواکارییەکە سەیر تر بێت گوێگر زیاتر بێ ئاگا دەکات ونوکتەکە خەندە تر دەکات.

فرۆید بە پێچەوانەی راسکین ئەوەندە بایەخی بە نامۆیی نوکتە نەداوە. بەلام هۆکاری ئاگا لێنەبوونی بە گرنگتر زانیوە .

## • تیۆری واتایی گرماس

گرماس بە چەسپان و پێگرتنی واتاسازی رۆنانی ولێکۆلینەوە رۆنانییەکان دەربارەی چیرۆك بابەتی نوکتەو دەقی نوکتە ئامێز سەرنجی لێکۆلەرەکانی راکێشا. ا.ژ. گرماس یەکێ بوولە لێکۆلەرە هاوچەرخەکانی فەرەنسی، هەرچەندە بۆتەی سەربەخۆی بۆ رۆنانی نوکتە دانەهێنا، بەلام لە کتێبەکەیدا واتاسازی رۆنانی هەندێ رۆنانی نوکتەی تێدا باس کردووە. بنەمای تیۆرییە واتاسازییەکەی گرماس لەسەر پێکهێنەری واتایی وەك نێرو مێ، بەگیان وبێگیان، تاکو کۆ ،....تد و هاو جەمسەری isotopy پێك دەهات. بەبۆچونی گرماس هەموو وشەیەك خاوەنی پێکهێنەری واتایی تایبەت بەخۆی هەیە و دەبێ تەنیا لە سنووری جەمسەرەکانی واتایی لە باری خۆی بەکار بهێنرێت. بەبۆچونی ئەو نوکتە کاتێسەر هەلدەدات کە یەك جەمسەری واتایی لەگەڵ جەمسەرێکی تردا تێکەلییەك پەیدا بکەن. لەم بارەوە نموونەی سێ وشەی هێناوەتەوە. زابتی پۆلیس، سەگ و پاسەوانی کردن. پێکهێنەری واتایی زابتی پۆلیس بریتییە لە گیانداری و مرۆڤ. لە کاتێکدا کە سەگ بریتییە لە گیانداری و ئاژەل . کاتێ کە بلێین زابتی پۆلیس پاسەوانی کرد دوو پێکهێنەری واتاییمان لە گەڵ یەکدا تێکەلاو کردووە. لێرەدا دژ یەك سەر هەلدەدات. ئەنجامی ئەم کارەش

دەکرێ بە نوکتەی رەخنەیی لە قەلەم بدرێت.

گرماس بە پێی ئەرکی چیرۆکەکانی پرۆپ هەموو نوکتەیەك و پێکهێنەری لە سێ بەشدا دەبینێت. ئەمەش بە تایبەتییەنی ئەرك(function ) ناو دەبات. ئەرکی تایبەتیش لای گرماس پێکهاتووە لە:

١- زانیاری: واتە ئەو بەشەی کە نوکتەی پێدەست پێدەکرێت بۆنموونە وەك : برا چاوێلکەیەکم گەرەکە.

٢- خستنە رووی کێشە، پێچەوانە یان پرسیار . ( بۆ رۆژ )

٣- رێگا چارەیەك، کە واتا پێچەوانەکەی بە شێوەی پێکەنین چارە بکات، یان جیاکردنەوەیەك کە دەقەکە لە دەقێکی جیدی بۆ دەقێکی نوکتە ئامێز بگۆرێت. ( نەبۆ خۆم ) ( بۆ زانیاری زیاتر بروانە گرماس: ١٠٨ )

## • تیۆری فۆناکی

بە بۆچوونی ایڤان ڤۆناکی (Ivan fonagy ) زمانەوانی مەجەری, نوکتە دەقێکە کە یەك کاردانەوەی زمانی(Verbal act) بە هاوریێتی کاردانەوەیەکی زمانی تر دێت ونرخەکەی کەم دەکاتەوە. بۆچونێکی خراپم نەبوو ,ویستم نوکتە پێناس بکەم ( فۆناگی :٣٣ ). ئاسایی لە نوکتەدا هەمیشە بەشی دووەم ئیعتیباراتی بەشی یەکەم پشت گوێ دەخات. ئەو گوێ نەدانە بەکات کە روودەدات, رستەی یەکەمی نوکتە لەگەل لۆجیك وبۆنەکانی جیهانی واقعیدژ یەك دەوەستێتلە مۆدێلەکەی ڤۆناگی. دووبارە ئێمە ئاسایی لەگەل دوو ئاستدا روو بە روو دەبینەوە, واقعیەت و دژی واقعیەت,یان واقعیەت وخەیال. کاتێ کە ئەم دوو ئاستە لێك دەدەین گوێگر روو بە رووی نوکتەکە دەبێتەوە.

گرنگی لێکۆلینەوەکەی ڤۆناگی لەوە دایە کە تەواوی رۆنانەکانی زمانی ولۆجیکی بالا دەست بە سەر نوکتەدا پێناسەو دابەش وپۆل پۆل دەکات. ئەولە سەرەتادا نوکتە بۆ دوو دەستەی سەرەکی دابەش دەکات, دووانر بۆ هەر یەك لەوانە شێوەناسی تۆمار دەکات.بە بۆچوونی ئەوزمانەوانە نوکتەکان سەرەرای زۆریان لەم دوو جۆرە لانادەن , یان لە بابەتی رەگەز دۆزی و دوو واتایی سوود وەردەگرن, یان بنیات نانیان دە کەوێتە ژێر لادانیان لە یەکێ لە یاساکانی زمان. ڤۆناگی دەربارەی شێوە ناسی نوکتەکانی رەگەزدۆزی سێزدە شێوەی دۆزیوەتەوە لەوانە: شێوەی چەند واتایی, هاو رێنووس, هاودەنگی ..... هتد. ڤۆناگی لێلی رێزمانی کە دەبێتە مایەی سەرهەلدانی نوکتە لە هەمان دەستەدا دادەنێت. لە دەستەی دووەم دا ئەو نوکتانەی کە بناغەیان لە سەر لادانی یاساکانی زمانی و لۆجیکی, یان کەم تێگەیشتنە پۆل کردووە. بۆنموونە برادەرێك بە برادەرێکی دەگوت سەرێکم لێبدە ودەچووە لایەوە بە سەریشی لەناو دەمی دەدا.

## • تیۆرییەكانی نیشانە ناسی:

لەروانگەی نیشانە ناسی نوكتەوبیانی كردنی (alienation) نیشانەیەكە(یەك وشە یاكۆمەڵەنیشانەیەك وەك رستە ) لەدەقی ئاسایی بەكار هێناوی خودیەیە. لە نوكتەدا نیشانەی واتایان نیشانەكانی واتایی هەمیشە وبەشێوەیەكی ئاسایی خودی خۆی لە دەست دەدات.

لەم بارەدا گوێگری نوكتە جۆرێك لە پارەدۆكسا (دژە یاسا) Para-doxa دادەنێت. جێگای گوتنە كەئەم جۆرە رۆنانەوسەرپێچی لە یاسا یان دژە یاسا تەنیا لە چوارچێوەی نوكتە وئەو دەقانەی كە نوكتەئامێز ،سنووردار ناكرێت بەڵكو دركە و خواستن و وەك یەكیش دەگرێتەوە. سودی نیشانە كەشوێنی نا ئاسایی خۆی شێوەی جۆراوجۆری هەیە كە لەنێوانیان دەتوانین دەست نیشانی (personification ) دژ یەك و ناهەمواری بابەتی لەو جۆرە ئاماژەیكەین بۆ نموونە سەیری ئەم نوكتەیە بكە كەلەسەر ئەو بنەمایەی كە باسمان كرد سوودی لێ وەرگیراوە.

فیلێك وچۆلەكەیەك دەمەقالیان بوو ، هەرچەندە فیلكە نەرم بوو بەلاّم چۆلەكەكە هەر لەرووی وەستا بوو لەكۆتایی دافیلەكە تورە بوو و چۆلەكەكەی بلند كردو بەدیواری دادا و تەواوی پەرەكانی هەڵوەراند . فیلەكە رووی كردە چۆلەكەكە وپێی گوت. پێم نەگوتی روبەروم مەبەوە ، دیتت چیم بەسەر هێنایت چۆلەكەكە هێشتا كە نەی دەویست خۆی بشكێنێتەوە ووتی : تۆ چیت دێوە من تازە خۆم رووت كردووتەوە .

ئەمبێرتۆ ئیكو (UMBERTO ECO ) نووسەرو نیشانەناسی هاوچەرخ دیسانەوە نوكتە سەرەنجی راكێشاوەودەربارەی نوكتە باسێكی نووسیوە لە ژێر ناونیشانی گەشتێك لە دووای واقعیەت دا .(travels in hyper reality) بە بۆ چوونی ئەو هەموو كەسێك لەسەر بنەمای پێشینەی زانیاری خۆی یاسای نا هەمواری وەردەگریت ولە ژیانیدا بۆ پەیوەندی كردوە لە گەڵ كەسانیتر سوود لە نیشانەكان وەردەگرێت . نیشانەكان خاوەن سیستەمی تایبەت بەخۆوەن و ئەوكەسانەی ك بەكاریان دەهێنن .نیشانەكان بەسیستەمی رێك و پێك دادەنرێت وپیش بینیان دەكرێت . كاتێ ئەگەر یەكێك ویان دەقێكی ئەم سیستەمە لێك بدەین لە وانەیە روو بە رووی دەقێكی نوكتە ئامیز ببینەوە. تاكو لەم بارەوە ئامیژە بە یاساكانی گوتنی ( conversational maxims ) گرایسی دەكات و نموونە و دێنیتەوە .

گرایسی وتاری (لۆجیك و گوتن) دا یاساكانی بالاّدەستی سەرگوتنی رۆژانە پۆل دەكات . یەكێ لەو یاسانە یاسای (بنجی رادە) (maxim of quantity ) ، یا پوختەی قسە . واتەدەبێ تا ئەو رادەیەی گوتن و قسە وزانیاری بخرێتە بەردەم گوێگر كە پێوستی پێیەتی . ئەگەر ئەو بنجە كە لەرووالەت دا سادەو بەدیهی بێت زیاد لە سنووری خۆی دووچاری نوكتەیەكی وا دەبیتەوە.

ببوورە ، دەزانی سەعات چەند.

- بەڵێ (اكو: ٢٧٣)
- ئەوجۆرە نوكتانە بە نوكتەی پلەدوو لە قەلەم دەدات. جۆرێكی تری نوكتەكانی پلەی

دووەم, دەقێکی تا رادەیەك درێژ لە بەشیکرۆکەکیدا لە تەکنیکی ئەوپەری دژی سوود وەردەگرێت. ئەو پەری دژەیٍ بەو واتایەی کە کاتێك بیستەر چاوەروانی سەرەنجامی نوکتەکە دەکات یەکسەر لە گەل رستەکانی وەك :لە پر لە خەو راپەریم...... رووبەروو بوومەوە. نوکتەی ژێرەوە کە (زۆر کورتە) جۆرێکە لە نوکتەکانی پلەی دووەم.

- تۆ ئەوبالندانەی کە قاچێکییان بەرز کردۆتەوەو وەستاون دەبینیت ؟
- بەلێ
- منیش دەبینم

## زمانەوانی و نوکتە

لە سالی ١٩٢٩ ئەندرێ جۆلس (Andre Jolles ) یفۆلکلۆر ناس و لێکۆلەری گەورەی ئەلمانیا کتێبێکی بچووك بە قەبارە بەلام زۆر کاریگەری بە ناوی شێوازەکانی سادە(einfache former ) ی بلاو کردەوە کە سەرنجی زمانەوانەکانی بەرەو نوکتە راکێشا. ئەندرێ لەو کتێبەیدا لە شێوازەکانی وەك نوکتەومەتەل وداستان وچیرۆکی فۆلکلۆری و......هتد, لە رووی رۆنانیانەوە کۆلییەوە. لە سالی ١٩٦٥ ئیسکات, زمانەوانی ئەمریکی هەولی دا لە روانگەی زمانەوانی رۆنانی لە رۆنانی مەتەل بکۆلێتەوە.بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بەراوردی بەرامبەری نێوان مەتەلەکانی فارسی و عەرەبی کرد, کە ئێستاش لە دووای تێپەر بوونی ئەو ماوە زۆرە هێشتا بە کارێکی نویێو تەواو لە قەلەم دەدرێت.( بۆ زانیاری زیاتر بروانە ئییسکۆت ١٩٦٥ ).لێکۆلینەوەکانی ئیسکۆت هاو کات لەگەل تویژینەوەکانی سترك پرۆپ کە لەسالی ١٩٥٨ سەرنجی زمانەوانانی بۆ رۆنانی رۆمان ومەتەل ونوکتە راکێشا. هەروها لە ولاتی ئینگلستان یەکەم زمانەوان کە دەربارەی نوکتە توێژینەوەی کردووە, (هۆکێت ) ە Hockett کە زمانەوانێکی ئەمریکی بووە. لەسالی ١٩٧٧لە کتێبەکەیدا بە ناوی نیگایەك بە زمان (Aview from language ) ئاماژەی بە نوکتە کردو بۆ هەر نوکتەیەك دوو بەشی دەستنیشان کرد کەدەبێ رەچاوبکرێت, پێشەکی و کرۆکی نوکتە. ئەمەش ئەوپێشنیازە بووکەزمانەوانەکان لە سەری رۆیشتن وبە کارێکی باشیان زانی وتا ئێستاش هەر گرنگی خۆی لە دەست نەداوە.

### بنەماکانی هۆکێت:

هۆکێت لە دووسووچەوە سەیری نوکتەی کردووە,سووچێکی دەرەکی( کە خاوەنی رۆنانی دوو جەمسەرییە ) و سووچێکی ناوەکی. لە سووچی ناوەکیدا نوکتەی دابەش بە دوو جۆر کردووە, نوکتەی پەخشانی و نوکتەی شیعری(پپی سلو:٦٤). بە بۆچونی هۆکێت لە نوکتەی پەخشانیدا لە یاریکردن بە زمان کەمتر سوود وەردەگیرێت, هەروها یاریکردن بە وشە زیاتر تایبەتە بەنوکتە شیعرییەکان .نوکتە شیعرییەکان یان ئەوانەی لەشێوەی شیعر دان بە شێوەیەکی گشتی پشت بە

ڕەگەز دۆزی دەبەستن .ئەمرۆسەرنجی نیشانە ناسەکان و فەیلەسوفەکان دووبارە بەرەو ڕەگەزدۆزی دەروات لێکۆڵینەوەی زۆر ووردو باشیان لەم بارەوە ئەنجام داوە.

زۆربەی لێکۆڵینەوە زمانییەکان پشت بە دوو تەوەرەی چەسپیودەبەستن, روگەز دۆزی ولێلی. شایانی تێبینییەکە لە هەمووئەو لێکۆڵینەوانەی‌کە پشت بە لێلی‌دەبەستن هیچ گووتەیەکی ڕەگەزدۆزی نییەو نایێتە ئاراوە, پێچەوانەکەشی ڕاستە. دەبێ هۆی ئەمەش بۆچی بگەڕێتەوە؟

لەوانەیە بەلگەی ئەوە بێت کە هەردووکییان دوو ڕووی دراوێك بن. ئەگەر لێڵی بەڵگەی وشەیەکی هەڵگری پتر لە واتایەك دابنێین.ئایا دەبێ ئەمەش بەڵگەی ئەوە نەبێت کە ئێمە بەرەو پێناسەی ڕەگەز دۆزی نزیك دەبینەوە. کە ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە زۆر نزیکە. لەم ڕووەوە ئێمە لەم باسەماندا سنوورێك بۆ ئەم دوو زاراوەیە دانانێین هەرچەندە وشەی لێڵی بە سەراپاتر دەزانین( واتە هەموو ڕەگەز دۆزییەك لێڵییەکی هەیە,بەلاّم هەموو لێڵییەك ڕەگەز دۆزی تیا نییە ). دیسانەوە لە هەردوو زاراوەکەش سوود وەردەگرین. بە واتایەکی ترئێمە لە ئاستی لێڵی دەنگسازی ,یا وشەسازی لەگەل ڕەگەزدۆزیدا مامەلە دەکەین, لە کاتێکدا لە ئاستی لێڵی ڕێزمان و وشە سازیدا( ڕۆنانی سەرەوەو ژێرەوە) لە گەل لێڵی‌دا ڕووبەڕوو دەبینەوە. لێرەدا دەمانەوێت نوکتە لە سەر سێ تەوەرەو ئاستدا پۆل بکەین کە بریتین لە:

ا–ئاستی دەنگسازی‌و وشەسازی

ب–لّێڵی وشەسازی و ڕێزمان

پ– دژە نوکتە

هەروەها شێوە جیاوازەکانیان پیشان بدەین ، دیسانەوە بۆ هەریەکێ لەم ئاستانە چەند نموونەیەك دێنینەوە کە بە بۆچوونی ئیمّە زۆربەیان پشت بە ڕەگەز دۆزی دەبەستن.

일- ئاستی دەنگسازی و وشەسازی

- ڕەگەزدۆزی تەواو :

کریار: خالە ئەو ساردیانەی دەیانفرۆشی‌چییان تیلیە ؟

فرۆشیار: ئاوو غاز

کریار :ئەگەر کارەباو تەلەفۆنیشی تێدا هەبوایە زۆر باشتر دەبوو.

ئاوو غازی ناو شوشەی ساردی بەرامبەر بە ئاوو غازی شار.

- گۆڕینی دەنگ:

٤- داکۆکی دەنگی:

لە عومران ناوێکیان دەدا لە شاری قوم, یکێك گوتی : کەعومەر نییە بۆچی لێی دەدەن؟ گوتیان عومەرەو ئەلف و نونی عوسمانیشی پێوەیە.( عبید زاکانی: ١٠٦ )

عومران بەرامبەر بە عومەران

ب-لێڵی وشەسازی ورستەسازی

١- لێڵی لە ئاستی سەرەوە

مامۆستا بە قوتابی گوت : باشە کامران ،بڵێ بینیم لە کەیەکەوە تا ئێستا غایب بووی؟

قوتابی : قوربان لە شورشی چواردەی تەموز بە دوواوە (مەبەست لە بەش ،یان وانەی ) شورشی ١٤ تموز .

٢- لێڵی لە ئاستی ژێرەوە .

نەخۆشیك کە چووبووە لای دکتۆر و پارەی لە بیر چووبوو بیداتێ کاتێ ویستی لە عیادەی دەربچێت لێ پرسی : دگتور گیان دەتوانم چ بخۆم ؟

دکتۆر وەلامی‌دایەوە : هەموو شتێك دەتوانی بخویت جگە لە پارەی فەحصی‌من .

شت خواردن و مافی کەسێك خواردن لێڵی لە ئاستی ژێرەوە دروست کرد.

٣- تێکەلاوی ولێڵی لە نیۆان رۆنانی سەرەوەو رۆنانی ژێرەوە .

هەرکەسێك بە بیری خۆی (تسبیحی :١٣٥٢-٢٣٩ )

لاوێك بە ئوتۆمۆبیل لە چوار ریانێك تێدەپەری کە دەستێکی بە سوکانی ئوتۆموبیلەکەی گرتبووە بە دەستەکەی تری مندالێکی ساوای لە بادەشی گرتبوو ، پۆلیس هاتووچوکە ئەو وەزعەی دیت بەلاوەکەی گوت .آغا بە هەردوو دەست بیگرە . شوفێری لاو وەلامی دایەوە : ئەمە چۆن دەستورێکە، ئەوکاتە چۆن ئوتۆموبیلەکە لێخورم .( پۆلێس هاتووچۆ گوتی سوکانەکە بە دوو دەست بگرە کە لێڵیەکە لە رۆنانی سەرەوەیە کەچی لاوەکە وای بیر کردەوە کە مەبەستی پۆلیسەکە ئەوەیە کە مندالە ساواکە بە هەردوو دەست بگریت . کە ئەمەش لێڵی لە ئاستی ژێرەوەیە .

٤- دژ واتای نێوان رۆنانی سەرەوە و ژێرەوە.

دوو خانم بەیەك گەیشتن : یەکەمیان لە دووەمی پرسی : مێردت چ کارەیە ؟

-دکتۆری مندالانە

- وا ،بۆچی درێژەی بە خویندنی نەدا تا ببیتە دکتۆری گەوران ( لێرەدا خانمی دووەم تەنیا رۆنانی سەرەوەی رستە روانە دژ واتانای نێوان مندالأن و گەورانی بەرچاو گرتبوو نا چار لە رستەکەی نەگەیشتبوو کە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی نوکتەکە و پێکەنینە ؟

٥-زاراوە و پەندی پێشێنان

ئاغا دەماغت گەورەیە ؟

نەخێر : دەماغی من قەلەمی یە .

پ- نوکتەی دژ یەك :

لەم جۆرە دا ئەو نوکتانە پۆل کراوە کە بۆ گالتەی رۆنانی مەتەل و هێما و گۆرانی فۆلکلۆری و یاری ..... کە لاسایی کردنەوەو لە راستیدا شێواندن دەبیتە مایەی پێکەنین . ئەمەش زۆر جۆری هەیە بەلام ئیمە دوو نموونە دەهێنینەوە.

١- نوكتەی مەتەل ئامیز

ئەگەر گوتت بۆچی فیل یەك دەمی هەیە؟

بۆ ئەوەی كاتێ كەوتە ناو فنجان بكرێ دەمی بگیریت و بهێنرێتە دەرەوە ؟

نوكتەی وەك مەتەل

ئەگەر وتت لە ناو دەستم چ هەیە ، پێنج دانە هێلكەت پێ دەدەم .

٢- دژ واتایی چەند پرسیاری

پرسا : جەنابت پەیوەندیت لە گەل داردا هەیە ؟

بەڵی

لە گەل بزمار چۆن ؟

بەڵێ


ببوورە جەنابت خۆ چەكوش نیت

پرسا : خالە شەكرت هەیە ؟

بەڵێ

خودا شیفات بۆ بنێرێت .

كوتایی توێژینەوەكە بە بۆچونی ئیزینگ و سێگۆشەكەی دەهێنینەوە كە لەم بارەدا تیۆرییەكی لەبار دەخاتە بەر دەست لێكۆڵەران و سێلایەنەی دیاردەی پێكەنین دەست نیشان دەكات و بەم هێلكاریەی كە لە شێوەی سێگۆشە یەكدایە وەك لە خوارەوە هاتووە دەریدەخات :



## پێکەنین

لێرەدا ئیزینگ وشەی قەشمەریات بۆ واتا گشتییەکەی بەکار دەهێنێت کە لەم توخمانە پێك هاتووە: هەست کردن , ویژدان , ئارەزوو . بەلام کاریگەری هەر یەکێك لەم توخمانە اەسەر توخمەکەی تر ئەگەر زیاتر بێت بارێکی تایبەتی نوکتە بەرەو ئەو توخمە دەروات کە توخمی زالە بەسەر توخمەکانی تر .بەم جۆرە دەبینین ایزینگ پێکەنین بە توخمی ویژدانی دادەنێت , نوکتە بەئارەزوو ,بەزمە سات (کومیدیا) بە توخمی هەست پێکردن.هەرچەندە نابێ ئەوەش لەیاد بەرین کەایزینگ هەستی بە کەم و کورتی ناولێنانەکانی خۆی کردووە.(بۆ زانیاری زیاتر بروانە سیکولوجیة الفکاهة والضحك )

# ملخص البحث

يعَد هذا البحث الموسوم ( النكت من وجهة نظر علم اللغة ) محاولة للكشف عن العلاقات بين مكونات أو عناصر النكت كما يبحث فى النظريات اللغوية الشائعة التي تبحث في محاور النكت ، وفي الوقت نفسه يجيب البحث عن بعض الاسئلة التي تراود ذهن القاريء نحو :-

١-رؤية القاريء للنص النكتي.

٢- متى اهتم اللغويون بهذا الضرب من البحث اللغوى.

فمباحث البحث تتشكل من العناوين الاتية:-

- اساسيات التركيب النكتي.
- موضحات النكت .
- عناوين النكت.
- الشخصيات النكتية.
- النظريات الشائعة في النكت .
- أثر النص فى القاريء.
- نظرية التأثير ( السلطوية).
- نظرية المعنى ل (راسكين ).
- نظرية المعنى ل ( كرماس ).
- نظرية المعنى ل ( فوناكي ).
- النظريات الاشارية .
- النكت وعلم اللغة .
- المصادر والمراجع.
- ملخص البحث .

# Synopsis

*This research is entitled " Jokes form a Linguistics perspective " . It is an attempt to uncover the relations among the elements or components of jokes . The research also deals with the well – known linguistic theories that tackle jokes and their axes ,Likewise , this research answers some of the questions on the readers mind , such as :*

*1- The readers vision of the jokes .*
*2- The clarifies of jokes.*
*3- The titles of jokes.*
*4- The jocular characters.*
*5- The common theories on jokes .*
*6- The theory of superiority .*
*7- Rasking s semantic theory.*
*8- Kirmas semantic theory.*
*9- Fonagy s semantic theory.*
*10- Semiotic theories.*
*11- Jokes and Linguistics .*
*12- References .*
*13- The Synopsis.*

**سەرچاوەکان:**

١- ضرب المثلهای **ملل ،حسین رحمت نژاد ، چاپ از پیك ایران ، تهران ،**١٣٨١

٢-لطیفه های **با مزه ، اسماعیل شاهرودی (بیدار) ، انتشارات جواهری ، چاپخانەی حیدری ،تهران ،**١٣٨٠

٣-لطیفه های **انكلیسی ،عبدالله قمبری ،كتابخانەی ملی ایران ، تهران ، جلد** ١،٢،٣، ١٣٨٠

٤-.**د. زكریا ابراهیم, سیكولوجیه الفكاهه** والضحك, **مكتبه مصر, دار مصر** للطباعة.

-٥Abrahams,R.D.and Dundes,A.,1972,*Folklore and folklife* An introduction .U. of Chicago.

-٦Eco. Umberto, 1986, Travels in hyper , Harcourt Brace .

-٧Fonagy , Ivan, 1982,((He is only joking )), Kiefer, F(ed) , Hungarian , Amsterdam :Benjamins, PP.31-108

-٨. Greimas,A.J.,1983, Structural semantics, U. of Nebraska

-٩Grice, H., 1975, (( Logic and conversation )), syntax and semantics , Vol.3, Academic press.

-١٠Pepicello,W. and Weisberg, R.,1983,((Linguistics and humor )), Handbook of humor research, edited by Paul E. MC Ghee, Springer-verlag , Vol. 1,pp.59-83.

١١Scott,C.,1965, Persian and Arabic riddles : A language centered approach to - genre definition : Indiana U. press.

١٢Taylor, A., 1948, English riddles from oral tradition , U. of California press.-

# سوپاسنامە

بەناوی سەرۆکی دەستەی نووسەران و سکرتاریەتی نووسینی گۆڤارەکەمانەوە، سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی مامۆستای بەڕێز :

( پ.ی.د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی )

دەکەین، کە دڵسۆزانە هاوکاری ستافی نوێی گۆڤارەکەمانی کردو ئەرك و ماندووبوونەکانی ئەم ژمارەیەی گرتەئەستۆ، نمونەیان زۆربێت و دەخوازین هەر بەردەوام بێت لە خزمەتی زانست و ڕۆشنبیرییدا .

لەگەڵ ڕێزماندا..

سکرتایەتی نووسینی

گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/بەشی B

گۆڤاری

B

زانکۆی سلێمانی